## وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم چەند بڕیارێکی لەبارەی ڕێژی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق دەرکرد



وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوێکی فەرمی کە بۆ تەواوی زانکۆ حکومی و تایبەتەکان و کۆلێژ و پەیمانگاکانیش نێردراوە، چەند بڕیارێکی بۆ ڕێژی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق دەرکردووە.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسراوێکی فەرمی بۆ تەواوی زانکۆکانی حکومی و تایبەتەکان و کۆلیژە زانکۆ و پەیمانگاکان ناردووە، تێیدا ئاماژە بەوە کراوە کە لەپێناو بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، هەر وانەیەک یاخود تاقیکردنەوەیەک لە ڕۆژانی (17 و 18ـی کانوونی یەکەمی 2023) هەیە دواخرێت و بخرێتە ڕۆژانی دواتر و قەرەبوو بکرێنەوە بۆ قوتابیان و خوێندکارانی دانیشتووی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

هەر لەو نووسراوەدا هاتووە، لەو دوو ڕۆژەدا سەرجەم مامۆستا و فەرمانبەران و قوتابیان و خوێندکارانی کە دەنگیان دەکەوێتە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بە نەهاتوو هەژمار ناکرێن ئەمەش لەپێناو بەشداریکردنیان لە پرۆسەی دەنگدان.